# پیرۆز بێت 8 ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان!

**به بۆنەی سەدەمین ساڵڕۆژی "ڕۆژی جیهانی ژنان"ەوە، ئەم چالاکیانەی خوارەوە لە نەرویج ئەنجام ئەدەین:**

## ئۆسلۆ:

1. ڕۆژی پێنج شەممە 8 ی مارس بەشیعاری سەربەخۆی ڕێکخراوەوە بەشداری ڕێپێوانێکی گەورەی ڕێکخراوەکانی ژنان لە ئۆسلۆ ئەکەین. شایەنی ووتنە کە یەکێک لە شیعارە سەرەکیەکانی ئەمساڵی کۆمیتەی 8ی مارس بریتیە لە "وەستانی شەڕ و چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق". ڕێوڕەسمەکە لە کاتژمێر 18:00 لە Youngstorget دەستپێدەکات.
2. ڕۆژی شەممە 10.03.2007 کاتژمێر 2 ی پاش نیوەڕۆ لە هۆڵی IKM لە tøyenbekken 5 لە گرۆناله مێزگەردێک ساز ئەکەین لە ژێر ناوی "هەلومەرجی ژنان و کچانی گەنجی کورد لە نەرویج و ئەوروپا" کە ئەم بەڕێزانە بەشداری تیا ئەکەن: پەخشان ئەحمەدیان یەکێک لە نوێنەرانی ژنانی ڕێکخراوی (ئار کۆ ئار) ەوە و هەڵسوڕاوێکی مافەکانی ژنان، بەهار مونزیر بەرپرسی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە نەرویج و ڕوناک شوانی لە دەستەی سەرپەرشتیاری ناوەندی چاک و هەڵسوڕاو لە بواری مافەکانی ژنان و لە سویدیش لە دەزگای سەرپەرشتی منداڵاندا کاردەکات.
3. ئێوارەی هەمان ڕۆژ واتە شەممە بەهار مونزیر لە بۆنەیەکدا بە ناوی "ئێوارەیەک بۆ ژنان" لە شاری درامن وەک ووتەبێژی ڕێکخراو بەشدار ئەبێت.
4. هەروەها ڕۆژی یەک شەممە 04.03.2007 و بە بۆنەی 8 ی مارسەوە ڕادیۆی بێرگن گفتوگۆیەکی لەگەڵ بەهار مونزیر سازدا سەبارەت بە هەلومەرج و ژیانی ژنان و کچانی کورد لە نەرویج کە بڕیارە ڕۆژی شەممە 10.03 بڵاوبکرێتەوە.

## فرێدریکستاد:

1. ڕۆژی 02.03.2007 کاتژمێر15:00وەفدێکی ڕێکخراوی ئازادی ژن کە پێکهاتبوو لە (شیرین محسن و پەیمان غەریب)بەشدارییان لە کۆبونەوەیەکی ڕۆژنامە گەریدا کرد و بلاوکراوەی فریدریکستاد بلاد کە بلاوکراوەیەکی ڕۆژانەی ئەو شارەیە قسەو باسی لەگەڵ ئامادە بووان کرد. کە تییدا باس لەوەزعییەتی ژنان کرا لە عیراق (ئەمنییەت،ئیغتساب......هتاد )کرا شایانی باسە ئەو قسەو باسە لەو بلاوکراوەدا بلاودەبێتەوە.
2. ڕۆژی 8ی مارس کاتژمێر 17:00 ڕێکخراو لە شاری فریدریکستاد بەشداری لە ڕێپێوانێک دەکات بۆ یادکردنەوە لەو ڕۆژە کە تێیدا (شیرین محسن) ووتەی ڕێکخراو بە زمانی نەرویجی پێشکەش دەکات.
3. ڕۆژی11.03کاتژمێر 12:00 ڕێکخراو بەشداری لە مێزگردێک دەکات لە سەر کێشەی ژنان.کە دەستەی چالاکی رۆشنبیری سازی دەکات.
4. ڕۆژی17.03کاتژمێر18:00 ڕێکخراو هەلدەستێت بەسازدانی ئاهەنگێک لە شاری فریدریکستاد بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژن.

**ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق/ نەرویج**